# نیگەرانییەکانی کورد سەبارەت بە هەموارکردنی دەستووری عێراق

25-11-2019

## نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە** : لەکاتێکدا زۆر لە داواکارییە سەرەتاییەکانی خۆپیشاندەران بە دەوری بابەتە ئابوورییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداریدا دەسووڕانەوە، کتوپڕ هەموارکردنەوەی دەستوور خزێنرایە ناو داواکارییەکانی خۆپیشاندەران. ئێستا ئیدی هەمواری دەستوور بووەتە بابەتێك کە رووی کردەنیی بەخۆی گرتووە و پەرلەمانیش لیژنەیەکی بۆ درووستکردووە تاوەکو لە 4مانگدا پێداچوونەوەی بۆ بکات. بێطومان، دەستوورەکان قابیلی گۆڕانکارین

د.هەڵمەت غەریب
د.خامۆش عومەر
د.سۆلاڤ کاکەیی

**بەرایی**

لەکاتێکدا زۆر لە داواکارییە سەرەتاییەکانی خۆپیشاندەران بە دەوری بابەتە ئابوورییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداریدا دەسووڕانەوە، کتوپڕ هەموارکردنەوەی دەستوور خزێنرایە ناو داواکارییەکانی خۆپیشاندەران. ئێستا ئیدی هەمواری دەستوور بووەتە بابەتێك کە رووی کردەنیی بەخۆی گرتووە و پەرلەمانیش لیژنەیەکی بۆ درووستکردووە تاوەکو لە 4مانگدا پێداچوونەوەی بۆ بکات. بێطومان، دەستوورەکان قابیلی گۆڕانکارین، بەڵام دەستوور سەرچاوەی کێشە ئابووری و سیاسییەکانی ئێستای عێراق نییە. نیگەرانییەکە لەوەدایە کە بەشێك لە هێزە سیاسییەکان بیانەوێت بە پاساوی جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران، بابەتی هەمواری دەستوور بکەنە ئامرازێك بۆ کەمرەنگکردنەوەی دیموکراسی و فیدراڵیی لە سیستەمی سیاسی عێراق.

هەمواری دەستووری چەندەی کردەنییە؟ مەترسییەکانی سەر سیستەمی فیدراڵی و دیموکراسیی لە عێراق بە گشتی و مافە دەستوورییەکانی کورد و کەمینەکانی ئەم وڵاتە لە کوێدایە؟ لەوەش گرنگتر، پێویستە هەرێمی کوردستان سەبارەت بەم بابەتە چ بکات؟

**هەموارکردنی دەستوور**

یەکەمجار ئەوە سوننەکانی عێراق بوون کە خواستێکی هەمواری دەستووریان هەبوو، بەڵام دواجار ئەوە گۆڕا بە خواستی بەشێك لە هێزە سیاسییەکانی شیعە کە دەمێکە داوای دەکەن. لە ساڵی 2009شدا هەوڵێك بۆ هەموارکردنی دەستوور لە ئارادابوو. لەوەشدا پرۆژەیەك ئامادەکرابوو کە لەکۆی 144 ماددەی دەستووری داوای هەموارکردنی 102 ماددەیان کرابوو. لە راستیشدا ئەمە زیاتر لە دەستوورێکی تازە دەچوو تاوەکو هەموارکردنەوەی ئەو دەستوورەی کە هەیە.لای بەشێك لە هیزە شیعەکان تێڕوانینێکی جیدی هەیە سەبارەت بەوەی کە سیستەمی پەرلەمانی دەوڵەت بەهێز ناکات و پێویستە بگۆڕێت بۆ سەرۆکایەتی و دەستووریش هەموار بکرێت.

" بەگوێرەی مادەی 126ی دەستووری عێراق، سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیر پێکەوە دەتوانن داوای گۆڕینی دەستوور بکەن. جگە لەوە، میکانیزمێکیش دانراوە کە نوێنەرانی پەرلەمانیش بتوانن داوایەکی بەوشێوەیە بکەن. بەڵام، سەرئەنجام گۆڕینی دەستوور بەستراوەتەوە بە گشتپرسییەك کە پێویستە لەنێو خەڵکدا ئەنجامبدرێت. هەرچەندە بەندی دووەم[1] و چوارەمی[2] ماددەی 126 و بەندی چوارەمی[3] ماددەی 142ی دەستوور میکانیزمی بەهێزیان بۆ پاراستنی مافی سوننە و کورد وهەرێمەکان بەتایبەتی هەرێمی کوردستان داناوە لەهەر ئەگەرێکی دەسکاریکردنی دەستوور بە قازانجی خواستی زۆرینە، بەڵام لە جوگرافیایەکی وەك رۆژهەڵاتی نێوەڕاست وعێراق، دەکرێت زۆر بە ئاسانی ئەو بەندە دەستوورییانە پێشێلبکرین کە خەڵك دەنگی لەسەرداوە." جگە لەوە، هەندێك لە شیعەکان دنەی تۆمارکردنی سکاڵایەك لە دژی ماددەی 142ی دەستوور دەدەن کە وەك ڤیتۆیەکی کوردی ـسوننی سەیر دەکرێت. **ئەوان بەوجۆرە لە هەوڵی ئەوەدان کە کورد لە ریگەی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانەوە مافی ڤیتۆکردنی هەمواری دەستووری نەبێت.** ئەمەش بەو پاساوەی کە گوایە دەقی پەسندکراوی دەستوور 129 ماددە بووە و دواتر ماددەکانی دیکەي بۆ زیادکراون. بەڵام ئەوە نابێتە پاساویکی یاسایی، چونکە سەرئەنجام ئەوە دەستوورە 144 ماددەییەکە بووە کە لە گشتپرسییەکدا دەنگی هێناوە.

لە راستیدا دوو ماددەی دەستووری پەیوەندییان بە هەموارکردنەوەوە هەیە کە ئەوانیش ماددەی 126 و 142ن. لە هەموارکردنەوەی دەستووریشدا ئەولەویەت دراوەتە کارکردن بە ماددەی ١٤٢ و تەنانەت لیژنەکەی پەرلەمانیش بۆ هەموارکردنەوەي دەستوور، بەپێی ئەم ماددەیە درووستکراوە. ئەم ماددەیە لایەنە باشەکەی هەبوونی جۆرە ڤیتۆیەکە و لایەنەکەی دیکەشی کە دەکریت مایەی نیگەرانی بێت ئەوەیە کە دەبێتە هۆی پێداچوونەوە بە تەواوی دەستوور و بەپێی ئەم ماددەیە، لە کاتی دەنگدان بە هەمواردنەوەکەش هەموو ماددەکان بەیەکەوە دەخرێنە دەنگدانەوە.

**مەترسییەکانی هەموارکردنی دەستوور بۆ کورد**

خاڵی سەرەکی بۆ کورد بۆ ئێستا لە دەستووری عیراقدا مەسەلەی فیدراڵییە کە دەبێ رێگە لەوەبگیرێت دەستکاریبکرێت. تەنانەت دەبێ هەوڵی ئەوەبدریت کە سوونەش داوای فیدراڵی بکات. هەندێک ماددەی دەستووریش هەن کە دەستکاریکردنیان بۆ کورد جێطەی

مەترسین وەک ماددەکانی (١٢٦،١٤٠،١١٧، ١٠٦،١١٤،١١٥،١١٢،١٢١).

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەگەر سیستەمی عێراق بکرێتە سەرۆکایەتی، ئەوکاتە دەتوانێت کێشەی هاوکێشەی بەشداریی پێکهاتەکان لە دەسەڵاتی سیاسی عێراق دروستبکات.

خۆپیشاندانەکان هەڵێکیان بۆ بەشێك لە هێزە شیعییەکان رەخساندووە کە زیاتر مەیلیان بۆ دەسەڵاتێکی ناوەندی دەچێت، تاوەکو لەسەر هەمواركردنی دەستوور پێداگری بکەن. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە دەستوور لەلایەن ئەو هێزانەوە هەموار دەکرێتەوە کە خۆپیشاندەران لەدژی ئەوان هاتوونەتە سەرشەقام.

18کەس ئەندامی لیژنەی هەموارکردنی دەستوورن کە هێشتا رێککەوتنێك لە نێوانیاندا نییە کە میکانیزمی کارکردن و بڕیار وەرگرتنیان چۆن بێت. جگە لەوە، ماوەیەکی دیاریکراوی وەك چوارمانگ بەس نییە بۆ پێداچوونەوەی دەستوور و ئەمەش، دەتوانێت کارێکی پسپۆڕانەی لێنەکەوێتەوە. بۆیە ئەم بابەتە پێویستی بە کاتێکی زیاترە تاوەکو ناڕوونی و گرفتە سەرەکییەکانی دەستوور چارەسەربکرێن. بۆنموونە زیاتر لە 50 ماددەی دەستووری هەن کە داواکراون دواتر بە یاسا رێکبخرێن و ئەوەش وایکردووە لە یاسایەکی بنەڕەتیی زیاتر، لانیکەم لە یاساییەکی پەرلەمانیی بچێت کە گۆڕین و دەسکاریکردنیان ئاسانترە.

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئێستا بەهۆی ئەوەی خۆپیشاندانەکان بەردەوامن، بەشێك لە پەرلەمانتاران و هەندێك لە سیاسییەکان تەنیا لەبەر مانەوەی خۆیان بە هەموو جۆرە داواکاریەک رازین. مەترسییەکە ئەوەیە کە لەبەرئەوە بە گۆڕینی هەندێك لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی دەستور قایل بن.

**ئەنجام**

تاکە گەرەنتی بۆ کورد مافی ڤیتۆکردنە لە رێگەی سێ پارێزگاکەوە، بەڵام ئەمەش رەنگە کێشەی سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکات، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی خۆپیشاندەران کە داوای هەموارکردنەوەی دەستوور بووەتە بەشێك لە خواستەکانیان، لەوکاتدا هەڵوێست لە دژی هەرێمی کوردستان وەرگرن. هەروەها رەنگە ببێتە هۆی طوشاری نێوەدەوڵەتیش لەسەر کورد کە وابکات هەندێک گۆڕانکاری دەستووری قبوڵ بکات.

ساڵی ٢٠٠٥ کە دەستوور دانرا دۆخی کورد جیاواز بوو و لەهەموو ئاستێکدا کورد بەهێز بوو، بەڵام ئێستا دۆخەکە بۆ کورد وانییە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

دادگای فیدراڵیش شوێنێکی یەکلاکەرەوەیە لەنێوان هەرێمەکاندا بۆ پاراسستنی مافی پێکهاتەکان لە سیستمی فیدراڵیدا، بەڵام کیشەکە لەوەدایە کە ئەم دادگایە بەپێی دەستوور دانەمەزراوە بەڵکو بەبڕیاری سەرۆک وەزیران دامەزراوە.

هەوڵەکانی هەموارکردنی دەستوور جیدین و پێویستە کورد لەجیاتی گرتنەبەری ستراتیژی بەرگری و دەستگرتن بە پاراستنی خۆیەوە، هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ پێشکەشکردنی داواکارییەکانی سەبارەت بە دەستوور. پێویستە لە کاتی هەمواری ماددەکان، ئەوەی لە ٢٠٠٥ بەدەستهاتوون بیپارێزین و ئەوەشی بەدەست نەهاتووە هەوڵی بەدەستهێنانی بدرێت. بۆیە پێویستە:

- لیژنەیەکی پسپۆڕی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتیکردنی ئەندامە کوردەکانی لیژنەی هەموارکردنی دەستوور دروستبکرێت.
- هەوڵبدریت بۆ زیادکردنی ماددەیەك لە دەستوور سەبارەت بە قەدەخەکردنی هەموارکردنی ئەو ماددانەی کە پەیوەندییان بە سرووشتی فیدراڵیی دەوڵەتەوە هەیە.
- باشترە ژمارەی ئەندامانی دادگای فیدراڵی لە دەستوردا دیاریبکرێت، نەك ئەوەی کە وەك ئێستا هاتووە بە یاسایەك رێکبخرێت. هەروەها رۆڵی کەسانی ئایینی تێدا روون بێت و بەجۆرێك بێت کە لە بواری یاساییدا رۆڵیان نەبێت، چونکە یاساکانی هێزی ماددە دەستوورییەکانیان نییە.
- ئەنجوومەنی فیدراڵی لە دەستوردا بچەسپێت، بەڵام بەوجۆرەبێت کە نوێنەری هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تێدابێت و شیکردنەوەیەکی وردبکرێت سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەندامەکان بەپێی رێژەی دانیشتووانی ناوچەکان دیاریبکرێن یان بە یەکسانی بەسەر پارێزگاکاندا دابەشبکرێن باشترە. هەروەها بەوجۆرە نەبێت کە شیعەکان دەیانەوێت پیاوانی ئاینی تێیدا ببنە ئەندام. جگە لەوەش، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکە لەنێوان پێکهاتەکاندا بەشێوەی دەوری بێت.
- دەبێ کورد هەوڵی ئەوە بدات ئەو چوار مانگەی بۆ هەمواری دەستوور دانراوە درێژبکرێتەوە.
- کۆبوونەوەی پسپۆڕانەی جیاجیا سەبارەت بە بابەتی هەمواری دەستوور سازبکرێت و رای گشتی لە مەترسییەکان ئاگاداربکرێتەوە.

[1] -جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە گۆڕینی دەستووردا بنەما بنەڕەتییەکان و ماف وئ ازادییەکان لە بەندی یەکەم و دووەمدا دەسکاریی ناکرێن مەگەر دوو لەسەر سێی پەرلەمان داوایبکات و خەڵکیش پەسندی بکات.

[2] -ئەم بەندە جەخت لەوەدەکاتەوە کە گۆڕانکاریی دەستوور نابێ لەو ماددانەدا بکرێت کە رێگا بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان خۆشبکات مەگەر بە دوا پەرلەمانی خۆجێی و رەزامەندی خەڵکی ئەوێ لەڕێی راپرسییەوە

[3] -ئەم بڕگەیە باس لەوە دەکات کە ئەگەر  دوو لەسەر سیی دەنگدەرانی سێ پارێزگا دژی تەعدیلی دەستووربن، رەتدەکرێتەوە.